# گەوهەری ووتەکان

ئاکۆ محەمەد میرزادەیی

گەوهەری ووتەکان: زادەی ڕۆژ و کاتە جیاوازەکانە و بۆهەر یەکەیشیان، پرس و ئەزموونێک ئافرێنەری بووە.

1. ئەگەر زەنگینی وماڵی زۆر، پێوەری درێژی تەمەن بووایە: ئەوا ئێستا شتێک بەناوی ئارامگەی پادشا و ئیمپراتۆرەکان بوونی نەدەبوو.

2. دەبێت هەمیشە بەدووای هۆکارێک بۆ پێکەنین بگەڕێین، چونکی هیچکات ژیان، بیانوویەکمان بۆ نادۆزێتەوە تا خەفەت نەخۆین.

3. هیچکات بیرلەوە مەکەوە کە وێستگەکانی ژیانت چۆن و بۆ ئاوا تێپەڕاند، بەڵکو لە وێستگەیەک کە چۆن دەستپێبکەیت.

4. دەبێت هەندێکجار گۆمەکان بشەڵەقێنیت تا جێدەمی تیمساحەکان بۆ پەلاماردانت پێبزانیت.

5. ئەگەر لە نێوانی چوار گورگدا، پڵنگێک نەبیت: ئەوا هەمووکات مەترسی مەرگ و لەناوچوونت لەسەرە.

6. ئەوانەی ئەجەنگن، پاڵەوانەکانن، نەک ژمارەکان.

7. ئەگەر دەستی دۆست نەبێت، ئەوا هەرگیز، دووژمن زاتی ئەوەی نیە لە پشتەوە خەنجەر لە پشتت بدات.

8. هەمیشە ڕووداوێک هەیە بۆئەوەی سروشتی ڕاستەقینەی کەسێکمان پێ بناسێنێت.

9. هەموو کۆیلەکان، بە کۆیلە کراونین، بەڵکو زۆرجار ئەوانەن کە خۆیان بەکۆیلەبوونیان هەڵبژاردووە.

10. ئەوانەی لە خۆبچووکردنەوەدا بەدەستی دەهێنیت: لە دەستدانی هەموو شتێکە.

11. ناپاکی نەتەوەیی ئەو خەنجەرەیە لەسەر پشت و دڵت و بە ئازارترینە و کە ئەگەر بەدەستی ڕاستی خۆتەوە نەبێت: ئەوا لە دڵی نزیکترین هاوڕێ و کەسی نزیکی خۆتدایە.

12. هەرگیز بیر لەو جەنگە مەکەوە، کات، خەونەکانت بۆ نزیکبکاتەوە، چونکی مردن نەبێت: هیچ کەسێک لێی براوە نەبووە.

13. زۆرجار بۆئەوەی کەسانێک بناسیت: ئەوەیان پێبڵێ کە لای هیچ کەسێک نەتدرکاندبێت و جێی بهێڵە.

14. لەتەمەنمدا تەنیا ئەوکاتانە هەستم بەماندوێتی زۆر کردووە کە ناچاربووم لەگەڵ گەمژەیەک بدوێم.

15. باشترین ڕێگە بۆ تێگەیاندنی گەمژەکان: دوورخستنەوەیانە لە خۆت.

16. لە تەنیشت شمشێری تیژی هەر پاڵەوانێکدا، هەزاران وشەی زێڕین و زەریاییەک لە ئیشق و خۆشەویستی هەیە.

17. لە بیرت نەچێت: مردووەکان ناتوانن هیچ شتێک بەدەست بهێنن.

18. لەهەرکوێدا خەڵات بە مردووەکان بەخشرا: ئەوا بزانە لەوێدا، گەمژەیی بەشێکی زۆری ئەو کۆمەڵگەی داگیرکردووە.

19. فێربوون: ئەو بڕووانامەی کە تا ئێستا هیچ مرۆڤێک بەدەستی نەهێناوە.

20. زۆرجار لەناو خەندەی دۆستەکانت، ئاسانتر ژەهری دوژمنەکانت دەنۆشی.

21. هیچ هەنگوینێک نیە هێندەی هی ژن بە چارەسەربێت و هیچ ژەهرێکیش نیە هێندەی هی ژن کوشندە بێت.

22. ئەوکاتەی کە دانت بەهەڵەکەتدا نا و لەسەری نەڕۆیشتیت: واتا تۆ هەڵەت نەکردووە.

23. ئەگەر دەتەوێت تا لە ژیاندایت، تیخی ناپاکیت بەرنەکەوێت: ئەوا تا ئەتوانیت لە ژیانتدا: جەنگی بەدەستهێنانی وەفا و دڵسۆزی بکە.